# کوردستانی 4 ساڵە لە قامشلیەوە هات لە هەولێر شەهید کرا

## تاوانیکی قیزەون لە هەولێر پیش 15 ساڵ

قادرنادر

لەدوای راپەڕینەوە شارەکەی عەبدولخالق مەعروف (هەولێر) جموجولێکی سیاسی و جەماوەری باشی تیدا بوو ، هەفتە نە بوو خۆپیشاندان ، نارەزایەتی ، کۆرو سیمناری تیدا ئەنجام نەدرێت ، وەلێ بەداخەوە دوای هەڵگیرسانی شەری ناوهخۆی پارتی و یەکێتی 1994 ، ئەم شارەش وەک هەموو شوێنەکانی تری کوردستان لەم سیما جوانەی دابڕا ، کەدەتوانم بڵێم دوایین خۆپیشاندانی کە لایەنە ئۆپزسیۆنە چەپەکان ئەنجامیاندا ، لە 5/7 / 1995 بوو کە دژ بە هەڵگیرسانی شەری ناوخۆ ساز کراو کە 2 شەهیدو زیاتر لە 10 بریندار لێکەوتەوە .

دوای 31/ئابیش کەپارتی لەگەل دەبابەکانی بەعسدا هەولێری داگیر کرد ، تاپێی کرا سیمای دیکتاتۆریەتی رۆژ لەدوای رۆژ بەسەر ئەم شارە زاڵ کرد ، ئەمەش وای کرد بەلێشاو خەڵک و دەیان وسەدان کەسی پێشکەوتوخوازی ئەم شارە ، رێگای هەندەرانی نێوان مەرگ و ژیان هەڵبژێرێت ، چونکە لەوسەردەمدا بچوکترین رەخنەی لەشێوەی ئێستا ، کە لەمالپەرو رۆژنامەکاندا دەنووسرێت ، دەبوایە لەناوچەی سەوز بویتایە یان چارەنووست زیندانی ئاکرێی باستیل ئاسا دەبوو .

بەردەوام لەگەل پۆلێکی بەرفراوان و هەمەرەنگ لەهاورێیانی چەپی کوردستانی لەفلکەی چەپ کۆدەبوینەوە . زۆربەی ئێواران قسەو باسی سیاسی و کارو چالاکی بەرنامە رێژی بۆ دادەنرا ، بەهەق بۆ مێژوو بڵێین هەولێر تا تیرۆری حاجی لەقلەقەکەی ناو مزگەوتی دەلال خانە و سورانەوەی دەبابەکانی بەعس لە چواردەوری قەلا بەهاوبەشی لەگەل چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ، تێکدانی فلکەی چەپ ...شارێک بوو سەرمەشقی هەموو شارەکان بوو لەخەباتی جەماوەریدا .




یەکێک لەو چالاکییە جەماوەری و نیشتمانییەی ئەم شارە ، کە بەروداوێکی خوێناوی کۆتایی هات ، یەکەم جاریش بوو لەهزری زۆرێکماندا ، وێنەی پێشمەرگە لە هێزێکی ئازادی بەخشەوە ببێتە هێزێکی سەرکوتکەرو جەلاد ، چونکە بەلوولەی تفەنگەکانیان گولەیان ئاراستەی نزیک بە 70 کەسی کوردستانی کرد .

بەهۆی یادی سالانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، خەڵکی شۆڕشگێری کوردستانی باکوور لە زۆر شارو شارۆچکەوە خۆپیشاندانیان دەست پێ کردبوو ، شەرناخ یەکێک لەوشارانە بوو کەخۆپیشاندانێکی زۆر گەورەی بەخۆوە بینیبوو ، وەتەنگیان بە کەمالیزمەکان هەڵچنیبوو ، بۆیە ڕژێمی کەمالیزم زۆر بە فاشستانە وەلامی دابونەوە ، ئیتر چیرۆکی هەمە جۆر لە سەر کوشتاری خەڵکی بێدیفاع باس دەکرا ... ئەمەش وای کرد 4 پارتی کوردستانی ڕۆژی 8/25 بڕیاری خۆپیشاندانێک بدەن بۆ پاڵپشتی خۆپیشاندەرانی کوردستانی باکور کە( پارتی ئازادی کوردستان کەسەر بە پارتی کرێکرانی کوردستان بوون ، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان ، پاسۆک ، پارتێک کە عەزیز عەقراوی سەرپەرشتی دەکرد بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر چوە ) ، بەلام لەرۆژی خۆپیشاندان‌دا بەداخەوە پاسۆک هیچ ئەندامێکیان نەهات، بەلکو جگە لەم 3 پارتە کۆمەلێک لە کادیرو ئەندامی شوعییە کوردستانییەکان ، چەند کادیرێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، خەلکانی سەربەخۆ و پۆلێک لەکادیرە خوێن گەرمەکانی یەکێتی کە تاکو ئەوساتیش بیری کۆمەلە لە هزریان دەخولایەوە ، ئامادەبووانی خۆپیشاندانەکە بوون .

بەرلەدەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە 2 پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان خەریکی دابەش کردنی بەیانەمەی خۆپیشاندان بوون ، ئاسایش هەوڵی دەستگیرکردنیان دەدات ، ئیتر دەبێتە تەقە ، لەنێوانیاندا ،سەرەنجام دەیان گرن ، کاک ئارام گردەسۆری کە ئێستا جێگری بەڕیوبەری رایۆی نەوایە ، لەگەل هەڤاڵ سەلیمێک بوو ، ئاسایش هەردوو کادیری پ ک ک بە بۆ چاوترساندنی خەلکی خۆپیشاندەر بەناو شەقام داهێنا کە شوێنی لێدان بەدەم وچاویانەوە دیار بوو ، ئەمە جگەلەوەی هەرچواردەوری شوێنی خۆپیشاندانیان بە سەدان چەکداری ئاسایش وپێشمەرگە ئابلۆقەدرا ، ئیتر هەست بەوە کرا کە بارودۆخی خۆپیشاندان بەرێوە ناچێت زۆربەمان پەرتەمان کرد ، کاتێک ئێوارە هاتمەوە ناو فلکەی چەپ سەیرم کرد چۆلە ، برادەرێک وتی خۆپیشاندان بۆ ئازادکردنی ئەو دوو پێشمەرگەی پکک چۆتە بەردەم ئاسایشی هەولێر.کاتێک نزیک بومەوە50 کەسێک زیاتر بوون کە دروشمی نەتەوەیی و دژ بە ئۆزال وسەدامیان دەوتەوە ، لەگەل دروشمی بەردەوامی هەموو خۆپیشاندانەکان ( باکوور ر باشوور رۆژهەلات یەک چارەنووس یەک خەبات) . دوای ماوەیەک وەفدێک لە خۆپیشاندەران چونە ژوورەوە بۆلای بەرێوبەری ئاسایش کە خورشید شێرە بەرپرس و ملازم سمکۆی یەکێتی جێگری بوو ، وەفدی خۆپیشاندان خوالێخۆشبوو عەزیز عەقراوی، کاوە نادر بوو کە لە گەرمەی گفتوگۆکان نەگەیشتبوونە ئەنجام ، هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەیەک خۆی کرد بوو بەژوورا ، وتبووی گەورەم بەردمان تێ دەگرن ، ( بۆ مێژوو بڵێم هیچ کاری لەم جۆرە ئێمە نەمان دیت) خورشێد شێرەش بە پێشمەرگە کە دەڵێت بڕۆن ئێوەش گوللە بارانیان بکەن ، عەزیز عەقراوی پێی دەڵێت ئەوە بڕیارەکی مەترسیدارو مێژووییە ، ئەویش زۆر بێشەرمانە دەڵێت : من بەرپرسیارەتی دەخەمە ئەستۆ ..کەسەرنجام وەفدی خۆپیشاندەر بەپەلە هاتبووە دەرەوە، لەگەرمەی بڵاوە پێکردن بوون ، باشم لەبیرە چواردەورمان گیرا و هەستمان کرد لێمان دەدەن ، ئیتر بووە خۆشاردنەوە کەهەمووی کەمتر لەیەک دەقیقەی نەخایەند ، گوولەی تفەنگ بەهەموو لایەکدا ئاراستە مان کرا ، دوای کەمتر لە 5 دەقە دەنگی گوولە نە ما ، وەلێ کە لە دوکانەکانی نزیک ئاسایش هاتینە دەرەوە چەند کەسێک شەهید و بریندار ببون لەبەردەم ئاسایشی هەولێردا ، کەلەدووریدا نەمان دە زانی کام لەهاوڕێ وبراکانمانن ، دوایی کەمتر لە نیو کاتژمێر زانیمان کە کە 2 شەهید و چەند بریندارێکیش هەیە لەگەل پۆلێک لە ئەندامانی پارتی ئازادی و شەهیدی سەرکردە ڕەئووف ئاکرەیی زیندانی کراون ، بەهۆی ئەوەی یەکەم جار بوو لەشاری هەولێر دەسەڵاتی کوردی بەئاشکرا تەقەی لەخەلکی نیشتمانپەروەر کردبوو، هەوالی درۆیان بلاودەکردەوە کە ئەندامانی پکک لەتەققە کردنا دەست پێشخەر بوون ، شەهید (نەژبیر) کەیەکێک

لەشەهیدەکان بوو 2 کارمەندی ئاسایشی کوشتوە بۆیە ئەوان تەقەیان کردووە ، تەنانەت یەکێک لەو هاورێیانەی یەکێتی کەلەگەل خۆم بوو وێنە ورووداوەکەی بەچاوی خۆی بینی کەچی بەیانی دەیووت راستە ئەوان یەکەم جار تەقەیان کرد ، ئیتر چیرۆکی درۆزنانەی پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد کە ئەمانە تابووری 5 ن و بەفیتی بەعس ئەم کارە کراوە ....


بۆ :
جەماوەری گەلی کوردستان
ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
هێزو لایەنە ڕامیارییەکانی کوردستان
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان
هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستان
نوسینگەی هۆکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان

ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی
خۆپیشاندانی ٨/٢٦ لە هەولێر و
کێشەو ڕووداوە پەیوەندەکانی ئەو خۆپیشاندانە

کۆمیتەی ڕابەرایەتی ی
ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان
ناوەندی ئەیلولی ١٩٩٢

لەم خۆپیشاندانەدا شەهید نەژبیر کە گەریلایەکی پکک بوو شەهید کرا ، بەلام لەهەمووی کارەساتر شەهید بوونی منالێکی 4 سالان کە ناوی کوردستان بوو، کە شێوازی شەهید بوونەکەی بەئاستی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران هەمووانی هەژاند ، کە لەکاتی تەقەکردندا ، دایکی کوردستان خۆی بەسەر کوردستان داداوە تا بیپارێزێت ، کەچی 2 گولەی جەلادانی کارمەندانی ئاسایش بەدەستی دایکی کوردستان دەکەوێت و بەم هۆیەشەوە بەسەری کوردستان دەکەوێت گیانی پاکی دەچێتە کاروانی شەهیدان ، ئای چ مەرگەساتێکە بۆ دەسەڵاتێک کە ناوی لە خۆی ناوە نیشتمانی ، کەچی لەو کاتدا لە باکوردا کەمالیزم کچان و کورانی کوردی شەهید دەکرد لەباشوریش دەسەلاتی کوردی کچی عەفرین و قامیشلۆی 4سالە شەهید دەکرد ، کە هەموی 3 مانگ دوای ئەم کارەساتە ، پارتی ویەکێتی وەک هێزێکی جاش ئاسا بەپێش سوپای داگیرکەری تورکیا کەوتن بۆ لەناوبردنی پارتی کریکارانی کوردستان .

ئەمە جگەلەوەی دایکی کوردستان کە 2 گولە بەدەستی کەتبوو ، کەچی لەبری ئەوەی بیبەن بۆ خەستەخانەو تیماری بکەن ، لەنێوان هەردوو شوێنی برینەکە ئەشکەنجەیان دەدا ، شایەنی باسە دوای چەندین مانگ ، کاتێک هۆمان رایس وۆچ ئاگادار کرایەوە ، ئەوکات 10 رۆژ جارێک دەیان برد بۆ خەستەخانە ، بۆ دوایین جار کە

لەیلا دایکی شەهید کوردستانم بینی دەستی خراپ شکا بوو ، وە بەپێی رێنمایی دکتۆر ، تەنیا لە هەندەران چارەسەر بۆ دەستی دەکرێت .

شەهیدی سهرکردە رەئوف ئاکرەیی شەوی یەکەم ئەشکەنجەیەکی زۆریان دابوو ، سەرجەم گیراوەکانی تر لە شەهید سەیفەدین و بەرێزان حەمەدەمین ، سەعید مەم و زین ، پەیمان ، عەبدولرەحمان، ئارام گردەسۆری ، سەلیم ، لەگەل 2 ئەندامی دی پکک کەبەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نییە .... ئەشکەنجەیەکی بەعس ئاسا درابوون.... شایەنی باسە رێکخراوی مرۆڤ دۆستی جیهانی هۆمان رایس ووۆچ لە راپۆرتی سالانەی خۆی بەشێک لەو پێشێلکاریانەی ئاماژە پێ کردبوو ، باشم لەیادە تالەبانی هەزار بارە وەک دروشم دان و فریودانی جەماوەر وتی کارەساتە رێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤ ئاوامان لەسەر بنوسێت ، کەچی بووە سال بەسال بووە خۆزگەم بەپار.

بۆ مێژوو بڵێین لە هە مبە ر ئە نجامدانی ئە م تاوانە پێویستە بەپلەی یەکەم خورشید شیرە بدرێتە دادگا , چونکە بریاری تەقە کردنی خۆپیشاندەران لەلایەن ئەوەوە دەرچووە ، وە 2 کەسیش شەهید بوون ، ئەمە جگە لە وەی کارەساتی شەرناخ ئاساش لەهەولێر دوبارە بۆوە .


بەرزکردەوە . دوای گێرەوکێشەیەکی زۆر لە بارێکی گرژ و ئاڵۆزدا ، پێشنیازی ئەوە کرا بۆ گەیشتن بە ئەنجام چەند کەسێک بچن لەگەڵ بەرێز بەڕێوەبەری ئاسایش بەد وێن . بۆ ئەم مەبەستەش بەرێز (عزیز ئاکرەیی ) و هەڤاڵێکی رێکخراوەکمان بە نوێنەر دیاری کران . بەلام ئەوەی جێی داخ و سەرسوڕمانە ، بەڕێوەبەری ئاسایش ، بەرێز ( خورشید شیرە ) لە جیاتی گفتوگۆ ، گەلێک قسەی رەق و نابەجێی بە نوێنەران ووتبوو و لەو کاتەدا ( نەقیب لوقمان ) خۆی کرد بوو بە ژوورا و بە خورشید شیرەی ووتبوو ( وا بسێ ئەجێ ئەوانە بیانەوێ بەرد بارانمان بکەن ) . خورشید شیرەش دەڵێ ( برۆ بڵاویان بێ بکە ، خۆ ئەگەر بڵاوەیان نەکرد ، تەقەیان لێ بکەن و بیانکوژن ) . لێرەدا نوێنەرانی خۆپیشاندەران هەڵدەدەنێ و دەڵێن ( ئەوە فەرمانێکی پڕ مەترسی یە و لێپرسراوێتی ی لە دوا بە خورشید شیرەش وەلام دەداتەوە و دەڵێ ( هەموو لێپرسراوێتی یەک لە و بەوارەدا لە ئەستۆ دەگرم ) . نوێنەرانی خۆپیشاندەران کاتێک ئەم قسانە دەبیستن ، بە پەلە دێنە دەرەوە و خەڵکەکە کۆ دەکەنەوە و خەریک دەبێ رازی یان بکەن بە بڵاوەکردن . لەو کاتەدا هێزی ئاسایش دەست دەکەن بە تەقەکردن بە سەریانا و ئنجا بە گرتن و لێدانی ئەوانەی بەلای ئەواندا تێدەپەڕن بۆ بڵاوەکردن و دوای ئەوەش بە لێدان هێرش دەکەنە سەر باشماوەی خەڵکەکە و دواجار هێرشی لێدان دەبێ بە تەقەی برینداركردن و لە ئەنجامدا ، ئەوە رووی دا کە رووی داو دوا ئەنجام و بەری تێڕوانینی تەسک و شێواندنی راستی و ئاڵۆز و گرژکردنی بارودۆخ و رەفتاری جەوت و هەڵەشە ، شەهید بوونی ( ٤ ) کەس بێ تاوان و بریندار بوونی چەند کەسێکی تر و گرتنی ژمارەیەک لە دڵسۆزانی کەس بێ تاوان و برینداربوونی چەند کەسێکی تر و گرتنی ژمارەیەک لە دڵسۆزانی بێت .

گلەییمان بوو ، جا لە هەر لایەک وسەر بە هەر لایەنێک بێت .

ئەوەی جێی داخ و مەترسی یە ، ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینە تەسک و شێواندنی راستی و ئاڵۆز و گرژکردنی بارودۆخ و رەفتار و مامەڵە جەوتە ، بەوە کۆتایی نەهات و بەزەو توندتر هەنگاو دەنێ و لە سایەیدا کار بە یاسای جەنگەڵ دەکرێ و ئافرەتی بریندار نەک هەر لە زیندان خزێنراوە ، بەڵکو شان بە شانی برا زیندانی یەکانی تر بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێ و لە جیاتی تیمارکردنی دەستی برینداری ، دەستەکەی تریشی دەشکێنرێ ؟! . بە هەمان شێوەی جەللادە بێ ئابڕوو و دڕندەکانی جەللادخانەکانی

( ٦ )

پێم وایە ئەمە یە حوکمی مێژوو ، تاوانی بەرپرسان چەندە کۆنیش بێت لە یاد ناچێت ، بێ گومان ئەگەر سزای خۆشیان وەر نەگرن ئاوا بە ر نە فرە تی مێژوو دە کە ون .

درود و هەزار جار سلاو لە گیانی پاکی شەهید نەژبیرو کوردستانی خوێن شیرین ، کە تا مابم وێنەکەیم

*قەت لەیاد ناچێت ، ئەی ئەو پەپوولەی لە پارچەیەکی کوردستانی بریندارە وە هاتبووی کەچی بەدەستی جەلادانی کورد شەهیدیان کردی .*

*تێبینی*

بەداوای لێبوردنەوە لەکەم وکورتی هەر زانیاری و ناوێکدا کەلەبیرم کردبێت.